


گەشتی ژیانم

42242

بەسەعوود محەمەد

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری
٦٠

گەشتی ژیانم

نووسەر: مەسعوود محەمەد

لێژنەی سەرپەرشتیی کۆپەرهەم:
تۆفیق کەریم
هاوژین عومەر
ڕەوشت محەمەد

میزووی چاپ: ٢٠٢٣
نۆبەی چاپ: یەکەم
سەرپەرشتیی چاپ: ڕێدار ئەحمەد
تیراژ: (١٠٠٠) دانە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کۆپەرهەمە پارێزراوە بۆ
ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٦٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

ئالقەی یەکەم

چاوگێڕانەوە بە ڕۆژانی ڕابوردووی دوور وەک تێوەڕامانی ئاسۆی ئەوپەڕی دەشتی بەرین وەیا خوێندنەوەی دەفتەری ئەوسەری مێز، هەر لووتکەی بەرز و دێڕی تێڕڕەنگیان لێ بەدی دەکات، ئنجا ئەگەر مەیلی چیرۆکنووسین پاڵ بە قەڵەمی مێژوونووسەوە نەنێت بۆ کەڵێنگرتن و بەسەرەوە نانی ئەو کەمتاکورتە ژیانی سەرەتای ساوایی و منداڵییەوەی کە دێتەوە بەر یادی، بە چەند لۆقاوێکی شاشوبێشی خامەی بە پەلە لەو بواڕە بەرتەسکە تێدەپەڕێت بۆ قۆناغی ئەملاوەتری عومری خوێندنی و گەمەوگەپی جگێنە و سێباز و کارەمستێنەی هەست بە دنیا و بە خۆیەوەکردنی.

لەگەڵ ئەمەشدا کە نووسەر دێت و ڕێچکۆڵەی ژیانی هەڵدەکاتەوە وەک کە منداڵ گوشی کۆلارە کاغەزەکەی لە تاقی ئاسمانەوە بۆ نێو پەنجەکانی هەڵدەکاتەوە، زۆر بەسەیری، مەتەڵێکی بچووک هەڵدێنێ کە دەبینێ ئەم ڕێچکۆڵەی عومری سەربە تەمومژی فەرامۆشی گەیاندوویەتی وا تێهەڵدەکشێ بەرەو ڕۆژگارێکی دوورتر کەوا جارێ غونچەی ژیانی خۆی تێیدا نەکرابۆوە، بەو لای گوشی کۆلارەی عومری خۆیەوە گوشی عومری کەسانی لە خۆی بە پێشەوە تێهەڵدەکشێت کە ئەگەر زوو پسابایە نۆرەی هەڵدانی کۆلارەی عومر نەدەگەیشت بەو. تومەز ئادەمی وەک کوارگ و دونبەڵان بێ ڕەگ و ڕیشە لە درزی زەوی و قەڵشتی درەختەوە دەرنایەت، هەر جارە جووتە هەناوێک، لە کۆنی کۆنەوە، نەخشەی مەلۆتکەی مەوهوومی بوونەوەرێکیان دەور و تەسلیم کردووە بۆ جووتە هەناوێکی بەرەو خوارتر تا ئەو دەمەی کە واقەی ساوایەک ڕۆژەک لە ڕۆژانی سالنامەی ڕۆژگاری دەست نیشان کردووە بە مێژووی لەدایکبوونی فلانە کەس. بە ناچاری دەبێ بەرەو پێشینان بچمەوە تاکوو بزاندرێ من کێم؟

بنەماڵەی جەلیزادە

لە من بە پێشەوە پێنج پشت لە باپیرانم بە «جەلیزادە» ناسراون. پشتی شەشەم لەقەبی «کاکی جەلی» هەبووە نەک جەلیزادە چونکە خۆی زادەی «جەلی» نەبووە.

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library